هەرکەسێک کج بەخێو بکات، وچاکەکار بێت بەرامبەریان؛ ئەوا دەبنە هۆی پاراستنی لە دۆزەخ

لە عائیشەوە دایکی ئیمانداران وخێزانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئافرەتێک هات بۆ لام ودوو کچی لەگەڵدا بوو، داوای خێری کرد، وبینی هیچ شتێکم نییە جگە لە خورمایەک نەبێت، بۆیە پێیم بەخشی وئەویش کردی بە دوو لەتەوە ودابەشی کرد بەسەر کچەکانیدا وخۆی هیچی لێنەخوارد، وپاشان هەستا وڕۆیشت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاتە ژورەوە، ومنیش ئەو ڕوداوەم بۆ گێڕایەوە، وئەویش صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرکەسێک کج بەخێو بکات، وچاکەکار بێت بەرامبەریان؛ ئەوا دەبنە هۆی پاراستنی لە دۆزەخ».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

عائیشە دایکی ئیمانداران ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە کە ئافرەتێک هات بۆ لای ودوو کچی لەگەڵدا بوو، وداوای خواردنی کرد، وعائیشە هیچ شتێکی شک نەبرد پێی ببەخشێت جگە لە خورمایەک نەبێت، بۆیە پێیی بەخشی وئەویش کردی بە دوو لەتەوە ودابەشی کرد بەسەر کچەکانی وخۆی هیچی لێنەخوارد، وپاشان هەستا وڕۆیشت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چووە ماڵەوە وعائیشە ئەمەی بۆ باسکرد، ئەویش صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هەرکەسێک کچی هەبێت وکاروبار وبەخێو کردیان بگرێتە ئەستۆ، وچاکەکار بێت بەرامبەریان وپەروەردەیان بکات، وخواردن وخواردنەوە وپۆشاکیان بۆ دابین بکات وئارامگر بێت لەسەریان؛ ئەوا دەبنە پەردە وبەربەست بۆی لە ئاگری دۆزەخ.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3358